# بەشداری سیاسیانەی ژنان لە کوەیت نسکۆی هێنا

**روناک**

لەپشت بەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٦/٦/٢٩ کوێت، کەلتورێکی چڕبووەوەی دووردرێژی سیاسی و دینی و کۆمەڵایەتی دەبینین، کە ئاماژەیەکە بۆئەوەی بەتەنها بڕیاردان لەبەشداری سیاسیانەی ژنان و گەیشتنیان بە ناوەندی بڕیار مسۆگەری دیاری کردنی شوێن و پێگەی ژنان ناکات لە کۆمەڵگەدا، ئەم مەسەلەیە کە مەسەلەیەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیە و راستەوخۆ پەیوەستە بە مێتۆدەکانی بیرکردنەوە و تێروانینە سیاسی و فکریەکانی کۆمەڵگە. کە رۆڵی هەیە لە چەسپاندنی دیمکراسیەتو گەشەکردنی مافە مەدەنیەکان .

گەر بگەرێینەوە بۆ پاشخانی مێژووی کوێت کە پاشخانێکی ئاینی و خێڵەکی روت بوە و لەسەرەتای دروست بونیەوە نوخبەی ئاینی خێڵەکی بەرژەوەندی خواز، سیستەمی سیاسی ئەم کۆمەڵگەیەی دارشتوە.




بەمەش سالانێکی زۆرە ئاین و خێڵ وەك دوو جمکی هاورا ئەم کۆمەڵەیان ئاراستە کردوە، بۆیە ئەو دۆخەی ئەمرۆی ژنی کوێتی تێدایە، چاوەڕوانکراوە، لەگەڵ گەیشتن بەساڵی ٢٠٠٦ لە دوای خەباتی چروپڕی ڕێکخراوەکانی ژنان و کەسانی مەدەنی و ریفۆرم خوازی نەخبەی سیاسی کوێت بڕیاری بەشداری کردنی ژنان درا لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەم بڕیارەش لە زەمینەیەکدا دراوە، کە ئاین و سیستەمی باوکسالاری هاورێن و جەوهەری ئەم هاورێیەتیەش سرینەوەی ئیرادەی تاك وپەیوەست بونە بە(مەرجەع)ە وە، کۆی دام و دەزگاکانی کوێت مێژوویەکی درێژە تەلقینی تاك دەدات، بەملکەچ کردن بۆ یەك مەرجەع.

لەم جۆرە دۆخانەشدا ژنان ئەو بونەوەرەن کە مل کچی و کۆیلەییان بۆدەمێنێتەوە، لەورەوەی کە ئاین وعەقڵی خێل ژنی بە مرۆڤی پلە دوو کەم ئاوەز (ناقس عەقڵ) لە قەڵەمداوە، بەمەش جگە لەوەی تەلقینی کۆمەڵ بەگشتی بۆسرینەوەی ئەم بونەوەرەیە، هاوکات خودی ژنانیش وەرگری ئەم تەلقینەودانەوەین بۆنەوەکان ،گەر سەرنج بدەینە رێژەی ژنانی کوێت لەو هەڵبژاردنەدا لە پیاوان زیاتر بوون، کە ڕێژەیان ١٩٥ هەزارە کە ٧٥% لەبەرامبەر ١٤هەزار پیاو لە کۆی٢٢٥پاڵێوراو ٢٨ی ژن بوو، یەك ژن کورسی بەدەست نەهێنا.

بەدەست نەهاتنی یەك کورسی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی تیشکمان خستە سەروو مێژوویەکە شوێنەواری لەسەرتاکی کوێتی جێهێشتووە، تا ئەمڕۆش قەناعەتی زۆری تاکی کوێتی بە گشتی و ژنان بەتایبەتی ئەوەیە، کە (ژن جەستەیە بۆ لەزەت و کارەکەری چێشتخانە)یە، جگە لەم پاشخانە، ئەمرۆش زەمینەی کۆمەڵگەی کوێتی بەململانێ‌یەکی راستەوخۆو ناراستەوخۆ لە هەڵبژاردندا رووبەرووی ئەم بەشداریەی ژنان بووەوە، رۆژنامەو راگەیاندنەکان دژ بە ژنان کاریان دەکرد، ئیسلامیەکان بەراستەخۆی و خێڵەکان بە ناراستەوخۆی، یەکێك لە رۆژنامە کوێتیەکان ئەوەی ئاشکرا کرد، کە عەمیدی کۆلیژی شەریعە فتوای داوە، مێرد مافی خۆیەتی ژنەکەی تەلاق بدات، کە دەنگی بە کەسێکی جیاواز لە پاڵێوراوی هاوسەرەکەی بدات.

هەروەها ئابوری لە کۆمەڵگایەکی لەو شێوەیەدا لە دەست پیاودایە، خرایە خزمەتی پروپاگەندەی پاڵێوراوە پیاوەکانەوە.

# خۆپیشاندانی چوارقوڕنە ڕەنگدانەوەی ئەو پاشخانە کلتوریەیە کە دەسەڵات حوکمڕانی پێ دەکات

**هاوری کاسترۆ**

**رانیە**

ئەگەر شارۆچکەی چوارقورنە لەناو ئەو دۆخە سیاسیو ملیۆنەها گرفتەو هەڵاوسانی خەمەکانی هاوڵاتیانی کوردستان وەربگرین، ئەم وێنەیە لە لەوحەی سیاسی عێراقدا شرۆڤە بکەین. دەمانباتە سەر لێواری کۆمەڵێك پرسیارو داتایەکی باش. ئایا خۆپیشاندانی شەوی ٢٠٠٦/٦/٣٠/٢٩ ی چوارقوڕنە دیاردەیەکی ئاژەوەگێڕی بوو، هیچ پاشخانێکی سیاسی هەبوو؟ یان زیندوویەتی هاوڵاتیانی ئەم شارە دەردەخات بۆ مومارەسەکردنی مافی خۆیان و داکۆکی کردن لە مافەکانیان، ئەگەر هەر لێکدانەوەیەك بۆ ئەم خۆپیشاندانە بکرێت تەنیا وەڵامی دروست بۆ ئەم خۆپیشاندانە (گەرما و مۆندیال)و هەڵاوسانی گرفتەکانی رابردوو بوو، ئەگەر مامەڵەی دەسەڵات بەشێوەیەکی توندوو تیژ رەنگدانەوەی هەبێت لەسەر هاوڵاتیان دەلالەت لە بەهێزی دەسەڵاتو سەرکەوتووی حکومەت دەکات، یان شاردنەوەی نهێنیەکانی حکومەتە لە هاوڵاتیان. بە دیوێکی تریشدا یان ئەو پاشخانە کلتوریەیە کە سەرچاوەی خێڵو شەڕانگێزیە ناتوانین خۆمانی لێ دەرباز بکەین. ئایا ئەمە وەڵامدانەوەیەك نی‌یە بۆ کوشتنی داهێنانەکان یان ئەو هاوڵاتیانەی توانای خزمەتکردنی شاریان هەیە. بۆیە دەڵێین زۆر راستە کە دەڵێین هەموو حکومڕانیەتیەك جەماوەرێکی هاوشێوەی خۆی بەرهەم دەهێنێت، بۆیە ئەگەر هاوڵاتیان نەتوانن خۆپیشاندان بەپێ‌ی پرانسیپی دیموکراسی ئەنجامیدەن. بەشەو خۆپیشاندان بکەن لەباتی چارەسەر گرفتەکان زیاد بکەن. ئەوا توانای حکومەتەکەی دەردەخات عیار چەندە لە مومارەسەی دیموکراسی. بۆیە بەپێ‌ی لێکدانەوەی زانستی سیاسیش شێوازی دەربڕین دەستنیشانی ئەو ئالیەتە دەکات کە تۆکاری پێ دەکەی بۆ گەیاندنی داواکاریەکان، تاچەند میکانیزمێکە نزیکە لە پیادەکردنی دیموکراسیانەو شێوازی هێمنانەی تێدایە، بۆیە نابێت لە بیرمان بچێت حکومڕانی سیاسی لە کوردستان بەرهەمی عەقڵی کلتورو ئاینو خێڵە، بەرهەمی ئەو مێژوە درێژەیە کە کورد تیایدا کاراکتەرێکی شەڕانگێزەو بەردەوام لە شەڕدابووە. بۆ ئەمەش زەمینەسازی بۆ کراوە بۆ ئەوەی بەو هەلومەرجەدا گوزەر بکات، چونکە کوردستان بەپێ‌ی هەڵکەوتەکەی چەقی ئاڵوگۆڕی شەڕەکانی ووڵاتانی دەوروبەر بوە، بۆیە حکومڕانیەکانیشی لە خێزانێکی ئەوسای خێڵ دەچێت. هەر بۆیە بەپێ‌ی زانستی پەروەردەیش پەروەردەکردنی خێزانیش لە کۆمەڵگای کوردیدا هاوشێوەی دەسەڵاتی سیاسیە، وەك چۆن لە خێزاندا منداڵێکی لاسار هەیە بێ گوێدانە هیچ یاسایەکی کۆمەلایەتیو پابەندبوون پێ درێژە بەلاساری خۆیدەدات تاوەکو باوك زللەیەکی پێ نەکێشێت. بۆیە حکومڕانی ئەمرۆش بۆتە ئەم منداڵە (لاسارە) تاوەکو بە شێوازێکی دیموکراسی مامەڵەی لەگەڵدا بکەی گوێ بە داواکاریەکان نادات، بەڵام ئەگەر توندوتیژیت بەکارهێناو بەشەڕ گوزارشتت لە داواکاریەکانی خۆت کرد ئەوا حکومەت مل بۆ داواکاریەکانت دەدات، بۆیە هاوڵاتیانو حکومەت بەرهەمی ئەم عەقڵیەتە شەڕانگێزیەن، بۆیە نەحکومەت گوزارشت لە حکومەت دەکات، کە وێنەی جوانی لای هاوڵاتی هەبێت، نە هاوڵاتیش هەست دەکات ئەم حکومەتە وەکو حکومەت دەسەڵات ئاڕاستە دەکات، هاوڵاتیش ئەو تاکە تێکشاوەیە تەنیا لە هەڵچونەکاندا بیر لەمافەکانی خۆی دەکاتەوە، بۆیە لە مێژووی چواردە ساڵەی دەسەڵاتی کوردیدا باشتر بۆت ئیسپات دەبێت لەم تەمەنەدا ئەوەندەی سەرگەرمی شەڕو زیندوکردنەوەی خێڵو دیوەخانانەو بوجە دانان بۆیانو زاڵکردنی خێڵ بەسەر دامودەزگاکانی حکومەتداو لاوازکردنی حکومەت لەبەردەم خێڵەکاندا، رێك بەرئەنجامی ئەو پاشخانە کلتوریەیە کە باسمان کردوەو ناتوانین خۆی لێ دەرباز بکەین، بۆیە ئەم ڕەوشە بۆتە فاکتەرێکی گونجاو، بۆ بەرپرسێکی سەربازی کە قودسیەتی حکومەت بشکێنیو سوکایەتی بە حکومەت بکات و ئاسایشەکانیش لای خۆی دەستگیر بکات. لەبەرامبەریشدا بەرپرسە باڵاکانی ووڵات لەباتی پشتیوانی لە حکومەت بکەن پشتیوانی لە بەرپرسە سەربازییەکان دەکەن، لێرەدا پرسیارێکی گونجاو دێتە پێشەوە، ئەم بەرپرسە سەربازیانە پیاوی گەورەی دەسەڵاتن، هەموو پێداویستی‌یەکانی ژیانیان بەزیادەوە هەیەو لە پێناوی بەرژەوەندیەکی تایبەتیدا سوکایەتی بەحکومەت دەکات کە خۆی حکومەتە. بەڵام دەپرسم بۆچی گلەیی لە هاوڵاتیانی چوارقورنە بکرێتو سزا بدرێن بەتۆمەتی خۆپیشاندان بەشەو لە کاتێکدا هاووڵاتیان کارەبا، سوتەمەنی، گرانی بازاڕ، کرێی خانوو، تەپوتۆزی جادەکان....هتد، بەڵام ئەم بەرپرسانە هیچ یەکێك لەم گرفتانەیان نی‌یە؟ ئەمەش تێڕوانینتانە بەرامبەر بە حکومەت، کەواتە گرفتەکان لە تێگەیشتندایە، چونکە میکانزمی فەرماندەر لە کوردستان میکانزمی خێڵەو بیرکردنەوەی هاوڵاتیانیش بۆ دەربڕینی داواکاریەکانیان وێنەی لەو مرۆڤانە دەچێت کە لە رابردوودا لە خێڵ یاخی دەبوون کەواتە ئەوانەی کە روودەدات بەرهەمی ئەم عەقڵیەتەیە کە ئێمە تێدا گەورەبووین.




گرتەیەک لە خۆپیشاندانی چوارقوڕنە